# بایکۆت

تایبەت بەهەڵبژاردن

ژمارە (2) 24ی سێپتەمبەری

بڵاوکراوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە


## بەدەست هێنانی "ئارامی و هەلی کارو خزمەت" بەمەرجی دەنگدان.!

عوسمانی حاجی مارف

هێزێکی ناسیۆنالستی میلیشیایی و بنەماڵەیی، بە قوماشێکی سەوزەوە، کە جۆرەها چەکی لەدەستدایەو خاوەنی دەزگای زانیاری و هێزی هەفتا و هێزی دەمامکدارو و ئاسایش و دژە تیرۆرە و نیوەی خاکی کوردستان و سەروەت و سامانەکەی خستۆتە ژێر دەستی خۆیەوە. ئەم هێزە میلیشیایی و بنەماڵەییە جارێکی تر دوای ٢٧ساڵ لە قۆرخکردنی دەسەڵات و بەدەستهێنانی سەروەت و سامانێکی زەبەلاح، بەناوی لیستی ژمارە ١٠٥ لەخولێکی تازەی هەڵبژرادنی پەرلەمانی کوردستاندا بەشدار دەبێ وکەوتۆتە بانگەشەکردن بۆ پەرلەمانە کارتۆنیەکەی حکومەتی هەرێم ولەم بانگەشەیەدا پەیمانی ئەوە بەخەڵکی دەدات کە "ئارامی و هەلی کارو خزمەت" بۆهاوڵاتیانی دەستەبەر دەکات..!. لێرەدا باشتر وایە بپرسین بۆچی 'ئارامی" دروشمی بانگەشەی ئەم هێزە میلیشیایەیە؟.

سەرەتا ئەوە بڵێم کەباسکردن لە"ئارامی"، لەلایەن ئەم هێزەوە، دانپێدانانێکی ئاشکرایە بەوەی که نائارامی لە کوردستاندا کێشەیەکی گەورەیە، بۆیە بنەماڵەی دەسەڵاتداری ناوچەی سەوز ناچارن بەوەی بەڵێنی گێڕانەوەی بەخەڵکی بدەن. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە بە درێژایی٢٧ساڵی ڕابردوو ئەو نا ئارامیەی کەیەخەی بەخەڵکی گرتووە لەسایەی دەسەڵاتی هەرئەم هێزە دایە، کەوەک بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی سیستەمی حکومڕانی کوردستاندا، کەپشتی بەستوە بەهێزی میلیشیایی، شوێنیگرتووە. لە ساڵی ١٩٩١وە چەند نەوە لە نائارامیدا دەرگیری ئاوارەیی بون و کوردستانیان بەجێ هێشتوەو بەجێی دەهێڵن، بە هەزاران ژن کوژران و چەندین ڕۆژنامە نوس ڕفێندران و لە ناوبران، دێوەزمەی دڵەڕاوکێ و مەترسی شەڕو دەخالەتی ئێران و تورکیا و ئەمریکاو هیزە ئیسلامیە تیرۆرستەکان و گەڕانەوە بۆ بەغداد، ئەمانەو دەیان دیاردەی ترکە ژیانی نائارامی هاوڵاتیان دەسەلمێنن، بەردەوام کابوسێکەو کارەسات بەدوای کارەسات دەخولقێنێ. ئایا یەکێتیەکەی "قوبادو پاڤێڵ و جەنگی" سیاسەتی یەکێتیان گۆڕیوەو پەشیمانن لە ١٦ی ئۆکتۆبەر و ڕوداوەکانی 27 ساڵی ڕابردوو، وا لەم هەڵبژاردنەدا بەڵێنی ئارامی دەبەخشنەوە، تا باوەریان پێبکەین؟.

سەبارەت بەهەلی کاریش هەر دەبێت بپرسین کە چی لەئارادایە وا ئەتوانن هەلی کار بڕەخسێنن؟،

ئەوەی پوچی ناوەڕۆکی ئەم دروشمە دەردەخات ڕاستیەکانی ٢٧ساڵەی ژیان وبژێوی خەلکی کوردستانە، کەلەسایەی سیستمێکی ئابوریدا ئەم هیزە میلیشیایەی بەسەر کۆمەڵگادا دا سەپاندووە کەلەسەرێکیەوە، چینیکی پارەدارو خاوەن کۆمپانیاو زەویوزارو سەدان ملیۆن دۆلاری، چینێک کەدووبنەماڵە لەسەرویەوە ڕاوەستاوە ولەڕیگای گەندەڵیو تاڵانچێتی ودزینی داهاتی کۆمەڵگاوە لێشاوی سەرمایەو ئیمکانست کۆدەکاتەوە، لەولاشەوە زۆرینەی خەلکی کرێکارو هەژارو برسی کەگیرۆدەی نەبونی و بێ خزمەتگوزاری و بێکاریەکی لە ڕادەبەدەر بون، وێنایەکی تەڵخ دەخاتەڕوو.

چینی دەسەلاتدار بەپشت بەستن بەداسەپاندنی کەمترین ئاستی لانی کەمی کرێ و لیگرتنەوەو نەدانی موچەی کارمەندان، بەخۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی دابین کردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایتیەکان، هەروەها لەڕیگای خستنەگەڕی سەرمایە لەبواری بەدەست هێنانی قازانجی خێرا لە پڕۆژە کورت ماوەکاندا، لەوانە بیناسازی و بازرگانی و قاچاخچێتیدا...توانیویانە لەماوەیەکی کەمدا، ملیۆنەهاو بگرە ملیاران دوڵار لەبانکەکانی جیهاندا کۆبکەنەوە.. لەم سیستەمدا کە بەرەڵایی و فەوزای بازاڕ وئیحتکارکردنی جومگە سەرەکیەکانی لەدەست بەرپرسیاراندایە، مەسەلەی وەگەڕخستنی پرۆژە ئابوریەکان وهەڵرەخساندنی فرسەتی کار لەگێژاوی بازاڕدا چەقیوەو سپێردراوە بەرەحمەتی بەرپرس وئینتمای حزبی و هیچ ئاسۆیەکیش بۆ دامەزراندنی گەنجان ودەرچوانی زانکۆ وهەر هاوڵاتیەکی ئامادەبەکار ڕون نییەو سالانەش لەشکری بێکاری بەرەوسەرەوە دەڕوات. ئەمەبەجیا لەوەی کەهیچ قسەیەک بۆ دانی بیمەی بێکاریو بیمە کۆمەڵایەتیەکانی تر لەئارادا نییە. ئایا لەدۆخیکی ئاوادا چۆن دەتوانن هەلی کار بڕەخسێنن؟ ئایا بڕیارتانداوە دەست لەسەرمایە وداهاتە قۆرخکراوەکان هەڵگرن وپارە پولی دزراو




سەرنوسەر : خەسرەو سایە
saya.xasraw@yahoo.co.uk



کەلەبانکەکاندا ڕاتانگرتووە بۆ خەلکی بگێڕنەوە؟ ئایا ئیتر سیستەمی دامەزراندنی کاتیو بە تەزکیەی حزب هەڵدەوەشیننەوە؟ تا لانیکەم خەلک بەم درۆو دەلەسەیەتان باوەڕبکات!.

لەبارەی خزمەتیشەوە دەپرسین کام جۆرە لە"خزمەت" تان مەبەستە؟ ئایا مەبەستان لەخزمەت کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتە بۆ منالانی پارەدارەکان، یان نەخۆشخانەی ئەهلی وگران بەهاو دەرمانی ئیکسپایەرو قاچاغ، وەیاخود مەبەستان لەخزمەت دابین نەکردنی ئاو وکارەبای بەردەوام و زیادکردنی نرخی مولیدەیە..؟، وەیا مەبەستان وەرگرتنی جۆرەها باجی بێ بەرامبەرو نەبونی نیشتەجێی گونجاو بۆ خانەوادەی بێ لانەیە؟، بەلام پێدەچێت خزمەت لای ئێوە هاوکێشەکە پێچەوانە بکاتەوە، یانی ئێوە داوادەکەن لەباتی ئەوەی خزمەتی خەڵک بکەن خەڵک خزمەتی زیاترتان بکات!.

ئێستا ئیتر ڕونە کەپەیامی پشتی بانگشەی هەلبژاردنەکەتان هەرئەوەیە کە داوادەکەن هاوڵاتیان خزمەتێکی بێ بەرامبەر وزیاتر پێشکەش بکاو بیانکەن بە کۆیلە ودەست وچاوی دەنگدەرانیش ببەستن بۆ ئەوەی دەنگەکانیان وەک مۆری شەرعیەتپێدانەوە و بەردەوامیدان بەدەسەڵاتی نائەمن و بێخزمەت و بێکاریتان بەکاربهێنن... گەر ئێوە بەڕاستی دەتانەوێت کارێک بۆ ئەو خەڵکە هەژارو نەدارو بێکارە بکەن، بۆ دەیبەستنەوە بە مەرجی ڕۆشتنیان بۆ دەنگدان و ناچاریان دەکەن دەنگ بە ئێوە بدەن؟ ئایا مەرجێکی ئاوا هەمو قسەو بەڵێنێکتان بەدرۆ ناخاتەوە؟

## بۆچی خەڵک بەشداری هەڵبژاردن نەکەن!؟

موحسین کەریم

زۆربەی ئەو لایەنە سیاسیانەی کوردستان کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن یان ڕکابەری پارتی و یەکێتی دادەنێن، دەڵێن بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردندا مانای قبوڵکردن و ڕازی بوونە بە هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان و خزمەتکردنە بە مانەوەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی. بەو پڕوپاگەندەیە هەوڵ دەدەن خەڵک بترسێنن تا دەنگەکانیان بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. ئەوان دەیانەوێ وا لەخەڵک بگەیەنن کە ئەگەر دەنگ بەوان بدەن، ئەوا ئەو لایەنانە دەتوانن یەکێتی و پارتی لاواز بکەن و یاخود لەدەسەڵاتیان بخەن! بەڵام ئەمە درۆیەکی پوچەو ئەزمونی نزیک بە ١٠ ساڵی رابردوو ئەوەی سەلماندوە کە ئەو حزبانە لە ترۆپکی بەهێزیاندا تەنها لەبەردەم قاپی حکومەتی یەکێتی وپارتیدا وەستاون، تا پۆستی چەند پۆستێکی ئیداریان بدەنێ و لەبەشی داهاتی هەرێمدا پشکێکیان بۆ تەرخان بکەن . ئەو هێزانە نەک نەیانتوانی و ناتوانن دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لاواز بکەن، بەڵکو شەرعیەتی سیاسی و یاساییان دا بە دەسەڵاتی میلیشایی و بنەماڵەیی ئەوان و ئێستاش هەر هەمان کار دوبارە ئەنجام دەدەنەوە. بەپێچەوانەی بانگەشە پڕ درۆو چەواشەکاریەکانیان، گەورەترین خزمەت بە دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە دەکەن! چۆن!؟

یەکەم: دەسەڵاتی سیاسی کوردستان میلیشاییە. هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا لەرێگای هەڵبژاردن و دەنگدانەوە ناکرێ، بەڵکو ژمارەی لولەی چەکەکان و بلۆکە دۆلارەکان بڕیار دەدەن. دەسەڵات بۆ یەکێتی و پارتی بڕاوەتەوە و ئەوەشی بڕاندویەتیەوە، هێزی چەک و پارەی ئەو دوو حزبەیە، کە ماوەی (٢٧) ساڵە دەسەڵاتی سیاسی کوردستانیان لەژێر دەستی خۆیاندا قۆرخکردوە و هەر ئەوەش پێگەی ئەوانی لای ئەو دەوڵەتانەی کە دەورو دەخالەتی سیاسیان لە کوردستاندا هەیە، قایم کردوە. بەشداری ئەو حزبانەی دیکە لە هەڵبژاردندا تەنها بۆئەوەیە بەشی خۆیان لەو دوو حزبە لەدەسەلات و لە داهات و سامانی کوردستان وەربگرن، واتە ببنە شەریکیان نەک ئەوان لەسەر کورسی دەسەڵات بکێشنە خوارەوە. نمونەیەکی زۆر سادە ئەوەبوو کە بزوتنەوەی گۆڕان لە بوونی کەسایەتی نەوشیروان موستەفادا و بە چنینەوەی ٢٤ کورسی پەرلەمان نەیتوانی نەک سنورێک بۆ پارتی دابنێ، تەنانەت نەیتوانی جێگا بە یەکێتی لێژبکات کە (٦) کورسی لەویش زیاتر بوو! لەوەش خراپتر نەیتوانی پێش بە دەرکردنی وەزیرەکانی و سەرۆکی پەرلەمانەکەی بگرێ لەلایەن پارتیەوە.

دووەم: یەکێتی و پارتی وەکو دوو هێزی میلیشایی، کە کۆنترۆڵی کوردستانیان کردوەو لەنێوان دوو ناوچەی نفوزو دەسەڵاتدا دابەشیان کردوە، پێویستیان بە ڕوپۆشێکی دیموکراسی هەیە، چ بۆ دنیای دەرەوە و چ بۆ ئیستهلاکی ناوخۆیی. ئەو دوو حزبە دەیانەوێ وا نیشان بدەن کە لەلایەن خەڵکەوە دەنگیان پێ دراوەو هەڵبژێردراون. ئەمە هەم بۆ چەواشەکردنی خەڵک لە ناوخۆی کوردستان پیویستە و هەم وولاتانێکی وەکو ئەمریکا و ئەوروپا کە هەمیشە رووپوشی دیموکراسی دەکەن بەسەر ئەو هێزانەدا کە هاوکارییان دەکەن، پێویستە. بەشداری ئەو حزبانە لەگەڵ یەکێتی و پارتی لە هەڵبژاردندا روخساری دزێوو خەسڵەتی میلیشایی ئەو حزبانە دەشارێتەوەو ماسکی دیموکراسی دەخاتە سەر دەموچاویان. بەر لە بەشداری ئەو حزبانەی ڕکابەری پارتی و یەکێتی، بەشێکی بەرچاوی خەڵک وەکو دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی میلیشایی سەیری دەسەڵاتی ئەو دو حزبەیان دەکرد. بەڵام بەشداری نەیارەکانیان لە هەڵبژاردندا ئەوانی کردە براوەی هەڵبژاردن و بەتایبەتی پارتی کردە خاوەن زۆرینەو خاوەن ماڵ کە دەبوو هەموویان برابچوکی ئەو قبوڵ بکەن و لەناو حکومەتەکەی ئەودا پێگەیەکیان پێ ببڕیت!

ئێستاش بەبەشداریکردنیان، جارێکی دیکە شەرعیەت بۆ حکومەتەکەی یەکێتی و پارتی دەستەبەر دەکەنەوە. ئەو لێکدانەوەیە رەواج پێدەدەن و بە کردەوەش ئەوە دەکەن کە خۆیان وەکو ڕکابەری پارتی و یەکێتی لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا لەقەڵەم بدەن و گوایە لە کێبڕکێیەکی دیموکراسیدا ئەو حزبانە دەسەڵاتی هەرێمیان دەکەوێتە دەست! کاتێکیش گلەیی و گازندە لە ساختەکاری یەکێتی وپارتی دەکەن لە پرۆسەی دەنگداندا و گوایە ئەگەر ساختەکاریان بەرامبەر نەکرێ و دەنگەکانیان نەدزرێ ئەوا ئەوان

## بایکۆت .. نـا ووتن و شەرعیت نەدانە بەدەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی!

زۆرینەی پەرلەمان بەدەست دەهێنن، دیسانەوە ماهیەتی درۆو ساختەکاری بانگەشەکەی خۆیان دەردەخەن، چونکە ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر زۆرینەی دەنگی خەڵک بەدەست بێنن، دەتوانن دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە کۆتایی پێ بهێنن، ئەی چ خێرە ناتوانن تەنانەت پارێزگاری لە دەنگەکانی خۆشیان بکەن!؟

سێهەم: ئەو حزبانەی کە خۆیان وەکو نەیاری ئەو دەسەڵاتە هەڵدەخەن، لەلایەکی دیکەوە گەورەترین خزمەت بە یەکێتی وپارتی دەکەن، چونکە لە کاتێکدا ناتوانن، ئەگەر هەموو کورسیەکانی پەرلەمانیش بێنن، دەسەڵات لە پارتی و یەکێتی وەربگرنەوە، بەڵام ئەو دەنگانەی کە لەیەکێتی و پارتی و دەسەڵاتی میلیشیایی و بنەماڵەیی ئەوان تورەن و بەشوێن ڕێگایەکدا دەگەڕێن کە کۆتایی بەدەسەڵاتیان بهێنن، بەناوی ئۆپۆزیسیۆن و دژایەتی یەکێتی و پارتیەوە دەیان بەنەوە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن لە پەیداکردن و دەستبردن بۆ بەدیلی شۆرشگێڕانە دووریان دەخەنەوەو لەناو بازنەی دەسەڵاتی میلیشایی بۆرژوازی کورددا گەمارۆیان دەدەن! ئەم حزبانە دەوری (دوگمەی سەلامەتی) دەبینن بۆ دەسەڵاتی میلیشایی کوردایەتی لەبەرامبەر کڵپەی شۆڕش و خەباتی شۆرشگێرانەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستاندا.
بەشداری نەکردنی خەڵک، دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بەهێز ناکات، چونکە دەسەڵاتی ئەوان لەجێی خۆیدایەو هەڵبژاردن هیچ کاریگەریەکی لەسەر نابێت، بەڵام بەشی ئەم حزبە رکابەرانە لە وەرگرتنی ئیمتیازاتی سیاسی و مادی لەو دوو حزبە میلیشاییە بنەماڵەییە کەمتر دەکاتەوە، چونکە ئەمان دەنگی خەڵکی ناڕازی لەو دوو حزبە، بۆخۆیان دەبەن و دەیکەنە بەردەبازی گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان. بەڵام بەشداری نەکردن و بایکۆتی خەڵک دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە دەخاتەوە سەر پێناسە و ماهیەتی خۆی، پرۆسەی دانی مۆری شەرعیەتی سیاسی و یاسایی لە دەسەڵاتە خۆسەپێن و میلیشایی و بنەماڵەییەکەیان دەکاتە گاڵتەجاڕ! کەواتە بۆ سەندنەوەی شەرعیەت لە دەسەڵاتی بنەماڵەیی میلیشیایی بۆرژوازی یەکێتی و پارتی دەبێ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و چەوساوەو ئازادیخواز و یەکسانیخواز و ئومێدەوار بەژیانێکی شکۆمەندو ئایندەیەکی گەشاوە، دەبێ بایکۆتی ئەم گاڵتەجاڕیە بکەن. سەرەتا شەرعیەتیان لێ وەربگرینەوە تا هەنگاوی یەکەم بۆ رزگارکردنی خۆمان لە دەسەڵاتی ئەوان دەست پێ بکەین.

# تەجربەی ڕەوتی چاکسازی لەکوردستان چیمان پێ دەڵێت!

دەشتی جەمال

ناڕەزایەتی و نەفرەتی خەڵکی کریکارو زەحمەتکیشی کوردستان زیاتر لە سێ دەهەیە بەرامبەر بە ستەمکاری ئەحزابی بورجوا ناسیونالستی دەسەڵاتدار بەشێوازی جۆراجۆر دریژەی بوەو وەک بابەتێک سەرنجی ڕەوت ولایەنەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە تا جڵەوەکەی بەدەستەوە بگرن. بزووتنەوەی گوران وەک باڵێکی جیابوەوە لەیەکیەتی، لەگۆشەیەکی سەرەکیدا، بەر ئەنجامی فشاری ئەم نارەزایەتیو نەفرەتەی خەڵک بووە لەدەسەڵات. ئەم بزوتنەوەیە کەلەژێر ناوی چاکسازی وریفرۆمە کردنی دەسەلاتی یەکیتی و پارتیدا، وەک هیزێکی ئۆپۆزسیۆن خۆی ناساندووە، بەردەوام هەوڵی داوە جڵەوی ئەم نەفرەتەی خەڵک بگرێ وسواری شەپۆلی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکانی جەماوەر ببێت تا وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانی خۆی بەکاری بەری ولەم ڕێڕەوەشدا سەرەنجام توانی 24 کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێ وببێتە هیزی دوەم . بەڵام ستراتیژی خەباتی پەرلەمانی و ”گۆڕین وچاکسازی“ کردنی دەسەڵاتی میلیشیای لەڕیگای پەرلەمانەوە، تائێستا چ تەجروبەیەکی نێشانی خەڵکی کوردستان داوە؟

بزوتنەوەی گۆڕان وەک ئەوەی بەڵێنیدا 4 ساڵی ئارام بەڕێدەکات خۆی خستە بازنەیەکەوە کەپارتی ڕەنگ ڕیژی کردبوو، بۆ ئەمەش سەرۆکی پەرلەمانی گرتەدەست ولە حوکمەتە بنکە فراوانەکەی پارتیدا بەشداری کرد وچەندین پۆستی وەزاری و بەڕیوەبەرایەتی وەرگرت، وە بەکردەوە کەوتە نیو بۆتەی ئەزمونێکەوە کەئایا دەتوانێ وپێی دەکرێ لەڕێگای پەرلەمان و بەشداری کردنیدا لەحوکمەت، سیستەم بگۆڕێ وخواستەکانی خەڵک بەدیبهێنێ؟. بەڵام زۆری نەخایاند ئەم تەجروبەیە واقعیەتێکی تری نیشانداین. کێشە وناکۆکی نیوان لایەنەکان، پارتی بەو ئاڕاستەیەدا برد کەبزوتنەوەی گۆڕان وسیاسەتەکانی پێ تەحەمول نەکرێ ودەرگا بەڕووی بەرنامەی چاکسازی و ئەو بانگەشانەدا داخات کەپایەکانی ئەو دەسەڵاتە لاوازبکات کەپارتیو یەکیەتی بەزۆری چەک لەسەر سەریەوە ڕاوەستاون، وە لەئاکامیشدا، سەرۆکی پەرلەمان نێردرایەوە بۆ ماڵەوەو وەزیرەکانیش لەنێو کابینەی حکومەتدا وەدەرنران، بەم پێیەش بزوتنەوەی گۆڕان نەک هەر تەریک کەوتەوە، بەڵکو خودی ستراتیژی چاکسازی لەڕیگای پەرلەمان وبەشداری لەحوکمەتدا، بەبنبەست گەیاند.
تەوای کارکردەکانی ئەم تەجروبەیە ئەوەمان پێدەلێت کەچاکسازی کردنی دەسەڵاتێکی حزبی وناوچەیی کەپشتیداوە بەهێزی میلیشیاوەوە، نەک هەر نامومکینە بەلکو خۆشخەیاڵیەکی بیهودەیە.
بەڵام ئەوەی کەهێشتا سەرکردایەتی بزوتنەوەی گۆڕان بەڕاستیەکانی ئەم تەجروبەیە نەگەیاندووە تا دەست هەڵبگرێ لەو سیاسەتەی کەخەڵکی گیرۆدەی وەهمی هەڵبژاردن وڕاکێشانیان بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان کردوە، خۆی ڕیشەی لەو واقعیەتەدایە کە ئەم بزوتنەوەیە وەک هەر حزبێکی نێو خێزانی ناسیونالیزمی کورد، تەجروبەی دەسەڵاتداریێتی پارتیو یەکێتی بەئەزمون و دەستکەوتی خەلکی کوردستان دەزانێ ودەبێ پارێزگاری لێبکرێ، هەربۆیە پڕۆژە چاکسازیەکەی تا ئەو جێگەیە دەڕوات کەکەموکوڕیەکانی دەسەلاتی ئیستا لاببات و ڕویەکی جوانتری پێببەخشێت، هەروەها جەماوەری نارازی کوردستانیش بەوە قانعکات کەلەسایەی ئەم دەسەلاتەدا، بەو هەمو بێمافیو سەرکوتو جیاوازیە چینایەتیەوە کەگیرۆدەی بوون، بمێننەوە. ئەمە هەموو ئەو هونەرەیە کە پڕۆژە وسیاسەتەکانی ڕەوتی چاکسازی پێمان دەڵێت. ئێستا کەئەم بزوتنەوەیە دەرسی لەشکستەکانی خۆی وەر نەگرتووە وجارێکیتر بانگەشە بۆ بەشداری کردنی خەڵک لەهەڵبژاردنێکدا دەکات، کەلەپێشەوە مەعلومە، پارتیو یەکیەتی چ لەڕێگای تەزویرو ساختەکاریەوە بێت، چ بەزۆر وهەڵفریودانی هاوڵاتیانەوەبێت، هەر خۆیان براوەن ومەحاڵێشە لەم ڕێگایەوە دەسەلات دەستاو دەست پێبکەن، بەپێویست ئەم بزوتنەوەیە دەخاتە خانەی هاوبەشیکردنەوە لەمانەوەی دەسەلاتی یەکیەتی و پارتیدا.
کەوایە خەڵکی کوردستان نابێت بەبانگەشەی ئەم ڕەوتە فریو بخۆن، بەلکو دەبێ بەبایکۆت کردنی هەڵبژاردن جارێکیتر ”نـــــا“یەکی گەورە بەڕووی هەموو حزبەکانی بەشدار لەم گاڵتەجاڕیەدا بدەنەوە.





# حکومەتی یەکحزبی و یەک بنەماڵە.. پارتی و دروشمی "کوردستانێکی بەهێز"

خەسرەو سایە

جێگاوڕێگایەک کە پارتی لەم هەڵبژاردنەدا هەیەتی، خولیای فراوانکردنەوەی قەڵەمڕەوی دەسەلاتداریێتی خۆی بەسەر کوردستانەوە، کردۆتە ئامانجێکی تایبەت.
بەڵام بەرلەوەی هەقیقەتی ئەم خولیاو ئامانجە باس بکەین، با کەمێک لەسەر خودی ئەم دروشمە ڕاوەستین.
بەواتایەکی گشتی ئەم دروشمە ئەتوانی ئاماژەبێت بۆ بردنی کوردستان بەرەو وڵاتیکی بەهێز لەڕووی سەربازی و ئابوری و سیاسی و دیبلۆماسی وئەمنی وزۆر لایەنی ترەوە. کەوایە زۆر بەسادەیی با بپرسین:
* ئایا لەڕووی سەربازیەوە مەبەست ئەوەیە کوردستان بەرەو ئاستێک ببرێت کەتوانای خۆڕاگری و وەلامدانەوەی هەبێت بەهەر خەتەرێکی دەرەکی ولانی کەم ڕێگە نەدات بەدەست درێژیە سەربازیەکانی ولاتانی دەروبەر؟ بێگومان نا چونکە کارنامەی ئەم حزبە و بنەماڵەیەک کە هەڵیدەسورێنی تا ئیستا وای نیشانداوە کەبۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی ئامادەیە دەست لەنێو دەستی شایتان بنێ ولەپێش لەشکری کردندا، بۆ ولاتانی دراوسێ، هێندە چاوکراوە بێت، کە چاوپۆشی کردن لەبوردومان وهاتنەناوەوە و دەستریژی سەربازی ڕۆژانەی هێزی ئەم وڵاتانە وەک ئاو خواردنەوە وابێت بۆی.
* لەرووی ئابوریەوە، ئایا مەبەست ئەوەیە لەکوردستانە بەهێزەکەی پارتیدا، خزمەتگوزاریەکانی ئاو وکارەبا، سوتەمەنی و هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن، خویندن وتەندروستی خۆڕایی دەبن؟ وەیان لانی کەمی ژیان وبیمەی تیرو تەسەل وەک مافێک بۆ هاولاتیان بەڕەسمی دەناسرێت؟ وەیاخود یەکەی نیشتەجێ بوون، فرسەتی کار، موچەی بەرز وهەرچیەک کە پەیوەندی بەژیانی خەلکی هەژارو کەمدەرامەتەوەیە بەسانایی دابین دەکرێت؟.. بێگومان لەمشدا نەء ، چونکە ئەو سیستەمە ئابوریەی کەهەولێری پایەتختی کردۆتە ”دوبەی دووەم“ وپارتی وەک شانازیەک بۆخۆی باسی لێوەدەکات، لەبنەڕەتەوە لەسەر نەبوونی کارەباو بیکاری چەند ملیۆنی ونەدانی موچە وپەرەسەندنی قاچاغ چێتی دەرمانو بەرین کردنەوەی جیاوازی چینایەتی و هەژاری دامەزراوە.
* لەرووی سیاسی و حوکمرانیەوە، ئایا مەبەست ئەوەیە هێزی جەماوەر بەبنەما وەردەگیرێ وڕێگا بەخەڵک دەدرێ ژیانی خۆیان بەڕیوەبەرن و ئیتر حوکم و دەسەلاتی چەک ومیلیشیاو دەزگای شاراوەی ئەمنی بەسەر سەریانەوە نەمێنێ؟ وەیا مەبەست ئەوەیە ئازادیەکان بەرقەرادەبێ وئیتر قسەیەک لەپیرۆزی بنەماڵەو ئاین و نەتەوە ومێژویی مەلاو شێخەکان ناکرێ وسکولاریزم ومافی چونیەکی هاوڵاتیان بەرقەرار دەبێ؟ وەیاخود مەبەست ئەوەیە کە ئیتر کۆتایی بەسیاسەتی ژێر بەژێر ودیبلۆماسی نهینی وریکەتن لەگەڵ دەوڵەتان ودەستەو تاقمی کۆنەپەرست دێت وئیرادەی خەڵک وپشت پیبەستن پێی، بنەمای هەر هەنگاوێکی سیاسی دەبێت؟ بێگومان نا چونکە شەراکەت لەدەسەڵاتدا، تەوازن لەهیزی دەست ڕاگەیشتن بە ئیمکاناتەکانی ولاتدا، تەوافق لەسەر دانی بڕیار، بەجۆرێک کەوەگەرخستنی بازاڕی سەرمایەو بازرگانی و کۆکردنەوەی دهاتو سامانی ولات لەلای پارتیو حزبە هاوخێزانەکانی تر مسۆگەر بکات، ئەو پرەنسیپانەیە کەکۆنەپەرسترین ودژی ئینسانیترین ڕەوشتی سیاسی لەلای ناسیونالیزمی کورد بەرهەمهێناوە.
* لەرووی ئەمنیەتی فەردی و کۆمەڵایەتیەوە ئایا مەبەست ئەوەیە کەکۆمەلگای ئاسودەو فەردێکی پارێزراو وژیانێکی ئارام بۆ سەرجەم هاوڵاتیان دابین دەکرێ؟ ئایا مەبەست ئەوەیە کەئیتر چەک وهیزی میلیشیای حزب بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەی سیاسی لایەنەکان بەکار ناهێنرێ وقەدەغە دەکرێ، تەنانەت ئیتر بارەگای هیچ حزبێک ناسوتێندرێ؟ وەیا ئیتر ژن کوشتن، فڕاندنی ڕۆژنامەنوسان، فتوای مەلا، لێدانو سوکایەتی کردن بەتاکی کۆمەڵگا، تەقەکردن لە خۆپیشاندان و چی وچیتر نابنە مایەی نائارامی ژیانی فەردو کۆمەڵگا؟ بێگومان نا چونکە پارتیو بنەماڵەی بەرزانی وبەرژەوەندیەکانی موقەدەس و هێڵی سورە ولادان لێی نە ئەمنیەتی فەردی و وەنە کۆمەلایەتی ئەتوانێ مانایەکیان هەبێت... بەڵام بەدوای ئەم قسانەدا دیسانەوە پرسیارەکە ئەوەیە: مەبەستی پارتی لەکوردستانێکی بەهیز چیە؟
ئاشکرایە پارتی لەکاتێکدا بۆ ئەم دورشمە گەڕاوەتەوە کە کوردستان دەوڵەت نیە، لەغیابی ئەم فاکتۆرەشدا، بەهێزی وڵات ناتوانێ لەفراوانبوونەوەی دەسەلاتە ناوچەییەکان ونفوزی ئەحزابێک زیاتر تێپەڕێت کەبەهیزی چەکو میلیشیا ژیانی هاولاتیانییان لەقاڵبداوە. بەواتایەکیتر مەبەستی پارتی لەم دروشمە بەدیاریکراوی لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکانی خۆی و بنەماڵەی بەرزانی بۆ ناوچەی سەوز بگوازێتەوە وتاڕادەیکی زۆر جڵەوی ئەم ناوچەیەش بگرێتە دەستو بیخاتە ژێر ڕکێڤی دەسەڵات لە هەولێرەوە. هاواری نێچرڤان بارزانی بۆ ئەوەی کە ”حکومەتی هاوبەش“ دەسەلاتی لەرزۆک وناجیگیر بەرهەم دێنێ وئیتر لەبەرچاوی ناگرن، وەیا ئەوەی کە مەسرور بەرزانی دەلێت تەنها ”حکومەتێکی بەهێز“ کەپارتی بۆی تێدەکۆشێت دەتوانی ڕێگە لەدوبارە بوونەوەی 16ی ئۆکتۆبەر بگرێ،.. ئاماژەن بۆئەوەی کەلەپشت دروشمی کوردستانیکی بەهێزەوە، ئامانجی حکومەتێکی یەکحزبی، خەوتوە، حکومەتێک کەدەست ڕۆیشتویی بنەماڵەی بەرزانی بەسەر کوردستانەوە زیاترکات. بۆ ئەمەش بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان لەم هەڵبژاردنەدا، پێداویستیەکی سەرەکیە، چونکە پارتی لەم ڕێگەیەوە دەتوانێ شەرعیەتی پێکهێنانی حکومەتێکی یەکحزبی بەدەست بهێنێ ولەژێر ناوی دیموکراسی و ئستیحقاقی هەڵبژراندا خۆی بەسەر لایەنەکاندا داسەپێنێ و سەرەنجام دەسەڵاتی بنەمالەی بەرزانی بەسەر هەموکوردستاندا بەرینکاتەوە. بێگومان ئەوەی کەتاچەند ئەم ئامانجو خولیایەی پارتی مایەی تەحقیق بونە، بەڕۆڵی خەڵک خۆیانەوە گرێدراوە. ئەگەر خەڵکی کوردستان لەهەنگاوی یەکەمدا بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن وبەزۆرینە ڕیسوای بکەن و”نـــا“ یەکی گەورە بەڕوی پارتیو لایەنەکاندا بدەن، لەهەنگاوەکانی دواتردا، دەتوانن بیرێکیش لەکۆتایی هێنان بەدەسەلاتیان بەکەنەوە کەهۆکاری مەینەتیەکانی ژیانی رابردوو ئێستایانە..